

## کەریم بەڕەنگ:

# وەرگێڕان
# نووسینەوەی دەقێکی
# نوێیە بە زمانێکی تر

باران

سازدانی: شاخەوان سدیق

**لە ئێستاداو لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە دونیای ئەدەبیدا شەپۆلێکی گەورەی وەرگێڕانی بەرهەمە بیانیەکان بەدیدەکرێت، کە ئەم بەرهەمانە هەیانە لە زمانی یەکەمەوەو هەیانە لە دووەم و سێیەمەوە وەردەگێردرێن، بەبێئەوەی بە دونیای ڕەخنەیداو بە بێ هیچ فلتەرێکی ئەکادیمیدا تێپەڕبن، بۆ زیاتر قسەکردن دەربارەی ئەم بابەتە بە پێویستمان زانی ئەم دیدارە، دەربارەی پرۆسەی وەرگێڕان و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەرگێڕی بەتوانا (کەریم پەڕەنگ)دا ساز بدەین،**

**هەمیشە دەوترێت وەرگێڕان نووسینەوەی دەقێکی نوێیە لە لایەن کەسی وەرگێڕەوە، ئێوە چۆن لەمە دەڕوانن؟ پێتانوایە وەرگێڕان دەتوانێت ڕۆحی زیندووی تێکستەکان بگوازێتەوە؟**

وەرگێڕان تەنیا پردی نێوان دوو زمان نییە، بەڵکو پردی نێوان دوو کەلتووریشە. ئەوەی پەیوەندی بە زانینی زمانەوە هەبێت ئەوە بەس نییە وەرگێڕ دوو زمان باش بزانێت. ئەگەر ئەمە پێوەری وەرگێڕان بێت هەر کەسێك دوو زمان بزانێت دەتوانێت ببێتە وەرگێڕ. وەرگێڕ دەبێت شارەزای تێکڕای دوو زمانەکە بێت، هەر لە وشەسازیی و ڕستەسازیی و ئیدیۆمەوە هەتا گەمەکانی تری زمان. دەبێ ئامانجی هەموو وەرگێڕانێك بە ڕەچاوکردنی هەموو هەلومەرجە جیاوازەکان گواستنەوەی گوتەی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست بە بێ لە دەستدانی مانا بێت.

من لەو بڕوایەدام هەموو وەرگێڕێك کە بڕیار دەدات دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێڕێت، مەبەستی ئەوەیە ڕوحی دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕێت، بەڵام ئیتر ئایا مەبەستەکەی دەپێکێت و بە ئامانج دەگات پرسیارەکە لێرەدایە. ئەو کەرەستانە چین لە بەردەستی وەرگێڕدان؟ زانینی زمانی سەرچاوە، زانینی زمانی مەبەست، زاڵبوونی بە سەر هەلومەرجەکانی داڕشتن و کۆدەکاندا. هاوسەنگیی لە نێوان دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەستدا گرنگترین خاڵن کە وەرگێڕ دەبێ ڕەچاوی بکات، هاوسەنگیی بە مانای یەکسانیی نایەت، یەکسانیی لە وەرگێڕاندا مەحاڵە، وەرگێڕ لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێ دەقێك بنووسێت هەتا بکرێت لە دەقی سەرچاوەوە نزیك بێت، دەمەوێ بڵێم وشە و ڕستە و دەستەواژەوە وەرناگێڕدرێت بەڵکو دەق وەکو سەرجەم وەردەگێڕدرێت.

**ئێستا لە کوردستان پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە دەکرێت، پێتان وایە ئەم جۆرە وەرگێڕانە وەرگێڕانی زیندوبێت، ئایا تا چەند دەقەکە جوانیی خۆی دەپارێزێت لەم جۆرە وەرگێڕانانەدا.**

ئەگەرچی خۆم تێبینییەکی زۆرم لە بارەی وەرگێڕانەوە لە زمانی دووەم و سێیەمەوە هەیە، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەکەی ئێمە کە کتێبخانەیەکی هەتا بڵێی هەژارمان هەیە و وەرگێڕمان لە زمانە جیاوازەکانەوە کەمە یان بۆ هەندێ زمان وەرگێڕمان نییە چارمان چییە ئەگەر وەرگێڕەکان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرگێڕان نەکەن؟ چەند وەرگێڕمان هەیە یۆنانی بزانن و «زۆربا» و ڕۆمانەکانی تری کازانتزاکیمان بۆ وەربگێڕن؟ چەند وەرگێڕمان هەیە ڕووسی بزانن و تۆلستۆی و دۆستۆڤسکی و پوشکین و چێخەف و ئولیتسکایامان بۆ وەربگێڕن، چەند ئیسپانی زانمان هەیە لۆرکا و مارکیز و زافۆن و مێندۆزامان بۆ وەربگێڕن. لە ئێستادا ئەم وەرگێڕانانە لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بۆ زمانی کوردی تاقە دەلاقەیەکن بە سەر بەشێکی ئەدەبی جیهانیدا بڕوانێت. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا تینووێتی خوێنەری کورد بەو وەگێڕانانە دەشکێن؟ ئەگەر ئێمە وەرگێڕمان نەبێت ژاپۆنی بزانێت، دوو بژاردەمان لە بەردەمدایە: یان دەبێ ڕۆمانەکانی هاروکی موراکامی نەخوێنینەوە، یان بە ناچاریی لە زمانێکی ترەوە وەری بگێڕین کە زمانی یەکەم نییە. ئەگەر چاوەڕوان بووینایە کەسێك لە زمانی یەکەمەوە هەندێ بەرهەممان بۆ وەربگێرێت ڕەنگ بوایە ئێمە لە ژیانماندا ئەو بەرهەمانە بە کوردی نەخوێنینەوە.






**وەرگێڕ لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێ دەقێك بنووسێت هەتا بکرێت لە دەقی سەرچاوەوە نزیك بێت، دەمەوێ بڵێم وشە و ڕستە و دەستەواژەوە وەرناگێڕدرێت بەڵکو دەق وەکو سەرجەم وەردەگێڕدرێت**

هەموو وەرگێڕانێك کەمێك لە جەوهەرە ئەسڵییەکە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر ئێمەش لە زمانێکی تر و لە کەلتورێکی تر وەری بگێڕین دوو هەنگاو لە زمانە ئەسڵییەکە دوور دەکەوینەوە.

**ئەو بنەما سەرەکیانە چین کە دەبێت لە کەسی وەرگێڕدا هەبن، ئایا زانینی زمانێك بەتەنها دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات توانای وەرگێڕانی تێکستەکانی هەبێت، وەرگێڕان پیشەیە یان زانستە یان هونەرە.**

زانینی دوو زمان بنەمایەکی تۆکمە نییە بۆ وەرگێڕان. ئەگەر کەسێك دوو زمان بە باشی بزانێت ڕەنگ بێت بتوانێت لە دادگایەك، لە فەرمانگەیەك، لە وەزارەتێکدا وەرگێڕانی زارەکی یان نووسراو بکات. تەنیا توانای وشە و ڕێزمانی دوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕان. بێگومان ئێمە بە هەمان ئاست بە سەر زماندا زاڵ نین. ئەگەر زانینی دوو زمان بەس بوایە بۆ وەرگێڕان دەبوو زانینی زمانێکیش بەس بوایە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە ببنە نووسەر. لێرەدا دەبێت جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی دەقی ئەدەب لە دەقی زانستیی، دەقی سیاسیی، دەقی سیسیۆلۆژی و فەلسەفی و پزیشکی بکەین، توانای وەرگێڕان تەنیا توانای زاڵبوون بە سەر دوو زماندا نییە، بەڵکو قووڵبوونەوەشە لەو بوارەدا کە لێیەوە وەرگێڕان دەکات. من لەو بڕوایەدا نیم کەسێك چەند سەد دیوانە شیعری بە دوو زمانەکە نەخوێندبێتەوە بتوانێت دەقێکی شیعریی بە باشی وەربگێڕێت، کەسێك چەند سەت ڕۆمانێکی بە هەردوو زمانەکە خوێندبێتەوە ناتوانێت ڕۆمان وەربگێڕێت. لە حاڵەتی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا نەك تەنیا دوو سیستەمی جیاوازی زمان، دوو کۆدی جیاوازی زمان، بەڵکو دوو ئەدەبی جیاواز، دوو کەلتووری جیاوازی دوو نەتەوەی جیاواز بەر یەك دەکەون. وەرگێڕە باشەکان ئەو وەرگێڕانانە نین کە تەنیا دوو زمان بە باشیی دەزانن، بەڵکو کەسانێکن بەردەوام ڕۆشنبیریی و مەعریفەی خۆیان دەخەمەڵێنن و قووڵتری دەکەنەوە.

ئەم بەشەی دووەمی پرسیارەکەتم زۆر بە دڵە. ئێمە وەکو پیشە وەرگێڕمان زۆر کەمە. ئیتر وەرگێڕەکانمان یان شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسن و لە بوارێك لە بوارەکانی ئەدەبدا داهێنەرن و وەگێڕانیش دەکەن. ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە، ئەگەر ئەم داهێنەرە لە کاتی وەرگێڕاندا وەکو وەرگێڕ بیربکاتەوە و زمانی شیعر، ڕۆمان، یان هەر بوارێکی تر بە سەر وەرگێڕانەکەیدا زاڵ نەبێت و بابەتییانە وەربگێڕێت. ئەگەر وەرگێڕ لە وەرگێڕاندا قووڵ ببێتەوە پاش ماوەیەك زیاتر خەریکی وەرگێڕان دەبێت و وەرگێڕان هێندە سەرقاڵی دەکات کەمتر خەریکی نووسینی بەرهەمی خۆی بێت، چەندان نموونەی زیندووشم لە بەردەمدایە. بەڵام وەرگێڕیش هەیە لەبەر ئەوەی لە هیچ بوارێکی تردا داهێنانی پێناکرێت، ڕوو دەکاتە وەرگێڕان بۆ ئەوەی لە بوارەکەدا بمێنێتەوە.

ڕاسته وەرگێڕان لە دونیای ئێمەدا بە شێوەیەکی گشتیی پاشاگەردانییەکی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام زانستی وەرگێڕان یەکێکە لە زانستە زیندووەکانی دونیا و لە ڕۆژئاوا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت. وەرگێڕان وەکو هەموو پرۆسێسێك ڕەهەندی زانستی هەیە. وەرگێڕان گواستنەوەی وشکی وشەبەوشەی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر نییە، ڕەنگ بێت وەرگێڕان زیاتر هونەر بێت وەکو لە زانست.

**وەرگێڕان دەتوانێت چ ڕۆڵێك لە بەرەوپێشەوەبردنی کتێبخانەی کوردیدا بگێڕێت؟ بۆ هەوڵ نەدراوە وەرگێڕانی پێچەوانە بکەن، واتە بەرهەمەکوردیەکان وەربگێڕنە سەر زمانە بیانییەکان، پێتان وانیە لە ئێستادا ئەوە پێداویستییەکی گەورەیە؟**


وەکو پێشووتر لە وەڵامی پرسیارێکتدا ئاماژەیەکی کورتم کرد. لە کتێبخانەیەکی هەژاری وەکو کتێبخانەی ئێمەدا وەرگێڕان گرنگییەکی مەزنی هەیە، بەڵام نەك تەنیا لە بواری ئەدەبدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تردا، ئێمە لە ڕێی ئەو کەلتوورانەوە کە لە کەلتوورەکەی ئێمە دەوڵەمەندترن، بە ئەزموونترن لە ڕێی وەرگێڕانەوە زۆر شت فێر دەبین.

بە بێ وەگێڕان ئەدەب چەمکێکی بەتاڵە. ئێمە لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەزانین گەلانی تر چۆن بیردەکەنەوە و هەست بە چی دەکەن، ئەمەش تەنیا لە ڕێی هونەری زمان و ڕاڤەی وەرگێڕەکانەوە دەزانین. ئەڵمانیا خۆی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی هەیە و بە سەدان چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەردوو کتێبی گێڕانەوە یەکێکیان وەرگێڕدراوە. ئێمە لە ڕێی وەرگێڕانەوە ئەزموونی جیهان بۆ بازنەی کولتوری خۆمان دەگوازینەوە.

ئێمە بۆ دەرەوە وەکو داهێنەری کوولتور نەناسراوین. زیاتر لە سەت ساڵ وێنەی کورد لە لای ئەڵمان و نەمساوییەکان و سویسرییەکان وێنەی «بە ناو کوردستانی هۆڤدا»ی کارل مای بوو. چەند ساڵێکە خەریکە ئەو وێنەیەی کارل مای بۆ کورد کاڵ دەبێتەوە، بەڵام ئێستا وێنەیەکی تری کورد لە ئەوروپا هاتۆتە ئاراوە، ئەویش وێنەی کوردە کە گەلێکی ئازایە، هەر ئەوانن ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە، ژنەکانیشیان شەڕڤانن، منداڵەکانیان لە دەریاکاندا دەخنکێن. ئەمڕۆ هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێك بکەیتەوە بابەتێکی لە بارەی کوردەوە تێدایە، بەڵام باسی کولتووری کوردی بە هیچ جۆرێك ناکرێت. ئەمەش گوناهی خۆمانی زۆر تێدایە. من خۆیشم نازانم چۆن وا لە ئەوانی تر بکەین زیاتر بایەخ بە کولتوری ئێمە بدەن و بمانخوێننەوە و ئەدەبەکەمان وەربگێڕن. گرفتێکی تر ئەوەیە کە ئێمە نموونەی پێشووترمان بە هیچ زمانێك نییە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ئامادە نین سەرکێشیی بکەن و کتێبێك چاپ بکەن کە نازانن دەخوێنرێتەوە یان نا.

**ئەو دۆخەی ئێستا وەرگێڕانی پیادا تێپەڕدەبێت لە هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن، پێتان وایە زۆر و بۆریی لە وەرگێڕاندا هەیە، کێ بەرپرسیارە لەو دۆخە و چی بۆ باشتربونی بکرێت؟**

بە ڕاستی من ناتوانم لەم دوورەوە داوەریی زۆری و بۆریی لە وەرگێڕاندا بکەم. من زۆر کەم کتێبم بە دەست دەگات، نەك تەنیا لە بەر دووریی، بەڵکو کەمیی کاتیش هۆکارێکی ترە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئاگام لە کتێبی کوردستان نییە و زۆر جار هاوڕێکانم ئەزیەت دەکێشن و کتێبم بۆ دەنێرن. من بە گەورەیی فێری ئەڵمانی بوومە و ئێستاش بە زمانی خۆمی نازانم، هەندێ جار کتێبێك بە ئەڵمانی دەخوێنمەوە و لێی تێدەگەم و چێژی لێ دەبەم، بەڵام هەمان کتێب بە کوردی دەخوێنمەوە، کە زمانی دایکمە هیچم لە لا بەجێ ناهێڵێت و جاری وا هەیە لە
ز ۆ ر



چیخۆف

بڕگە و ڕستە و دەربڕین ناگەم. دەبێ خەوشێك لە وەرگێڕانەکەدا یان لە داڕشتنەکەدا هەبێت. لێرەدا من مەبەستم هەڵەی وەرگێڕان نییە، هەموو وەرگێڕانێك هەڵەی تێدەکەوێت و هەڵەی بێ خەوش بوونی نییە  نەبوونی ڕەخنە لە ئەدەبی ئێمەدا بە گشتیی و نەبوونی ڕەخنەی وەرگێڕان بە تایبەتی کێشەیەکی گەورەیە. کەس بە من ناڵێت کتێبخانەی کوردیی چ کەلێنێکی تێدایە و چی وەربگێڕم، کە کتێبێك وەردەگێڕم و بڵاو دەبێتەوە، کەس بە من ناڵێت نەنگیی وەرگێڕانەکە لە کوێدایە و لە کوێدا دەبوو باشتر بیت. ئەمە پاشاگەردانییە. بە پلەی یەکەم دەزگاکان لەمە بەرپرسن بەڵام ئەمە تەنیا کێشەی بواری وەرگێڕان نییە، بەڵکو ئەم کێشەیە لە هەموو بوارەکانی تردا لە ئارادایە. ئێستا بۆ دەزگا گرنگە چەند کتێب چاپ دەکات یان بە شانازییەوە باسی ئەوە بکەن چەند کتێبیان ڕەفز کردووە، نەك چۆنێتی کتێبەکان.


ئێمە دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەو ڕۆمانەی گونتەر گراس کە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، ئەو ڕۆمانەی میلان کوندێرا کە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، ئەو ڕۆمانەی کافکا کە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، ئەو ڕۆمانەیە کە گراس، کوندێرا یان کافکا بە زمانە ئەسڵییەکە نووسیویەتی؟ کێ دەتوانێت پێمان بڵێت بەڵێ یان نەو. ئایا ئەو وەرگێڕانانە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە نووسەرەکەوە هەیە؟ یان دەقێك دەخوێنینەوە کە زادەی ئەقڵی وەرگێڕێکی عەرەب یان فارسە و بە ئارەزووی خۆی تێی کەوتووە و لێی هەڵپاچیوە یان لێی زیاد کردووە. من خۆم پێنج دەقی بۆ کوردی وەرگێڕدراوی «دەنگی پێی ئاو»ی سوهراب سپهریم لە گەڵ فارسی و ئەڵمانییەکەدا بەراورد کردووە، من فارسی نازانم، بەڵام وەرگێڕانە کوردییەکان هێندە لە یەکتر جیاوازن، هەندێ وشە هێندە بە مانای جیاواز لێکدراونەتەوە وەکو پێنج شیعر بە مانای جیاواز نووسرابن. ڕۆمانی دووەمی خالید حوسێنی دوو جار لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە، جارێکیان بە ناوی «هەزار خۆری درەوشاوە» کە ئازاد بەرزنجی وەری گێڕاوە و جارێکیان ژووان جەلال بە ناوی «هەزار خۆری پرشنگدار»ەوە، لە هەندێ شوێندا زۆر جیاوازن، کەس پێمان ناڵێت بۆچی. هەندێ وەرگێڕان هەیە لە زمانی دووەمەوە کراوە و لە زمانی یەکەمیشەوە کراوە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە زمانی دووەمەوە کراوە بۆ خوێندنەوە خۆشترە، کەس پێمان ناڵێت بۆچی. من لەو بڕوایەدام کە ئێستا خوێنەرێکی زۆری وریامان هەیە و پێویست بەوە ناکات زمانی سەرچاوە بزانێت بۆ ئەوەی جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی باش و خراپدا بکات.



کەریم پەرەنگ

لە ١١ دێسەمبەری ١٩٦٠ لە کەرکوك لەدایکبووە
قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی پیشەسازیی هەر لەو شارە تەواو کردووە
لە تافی لاویدا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە
لە ساڵی ١٩٨٠ەوە لە نەمسا دەژی
نووسەر و وەرگێڕە
چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕاوی کەریم پەڕەنگ
١-  عەتر ، پاتریك سویسکیند، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩
٢- دادوەرو جەلادەکەی ،  فریدریخ دویرنمات، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠١٢
٣- شەوی لیشبۆنە، ئێریش ماریا ڕیمارك، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣
٤- بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە، ئێریش ماریا ڕیمارك، غەزەلنوس، ٢٠١٥
٥ - تەپڵی تەنەکە، گوینتەر گراس، (هێشتا چاپ نەبووە)

خاوەنی دیوانێکی شیعر، ١٨ کتێبی وەرگێڕدراو(شانۆنامە، ڕۆمان، لێکۆڵینەوە)یە، ئێستا خەریکی پاکنووسکردنی کۆمەڵە چیرۆکێك و ڕۆمانێکی خۆیەتی، کە ڕەنگ بێت هەر ئەمساڵ چاپ ببن.



فایلی ژمارەی داهاتوو

باران

خوان رۆلفۆ